# خێوەکانی میراتی سیاسیی



## ئاراس فەتاح

گرفتەکانی میراتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ، جارێکی تر ، بەفۆرمێکی نوێوە دێتە ناو گفتوگۆی پرسی دەوڵەت ، نەتەوەو دەستورەوە . هۆکاری سەرەکیی ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەڵوەشانەوەی ئەم ئیمپراتۆرییەتە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمو داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانەوە . ئەم داوەشانو دابەشبونەی دواهەمین دەسەڵاتداریێتی ئیسلامیی لەدونیای مۆدێرندا بیریارە عەرەبەکانی روبەروی کێشەیەکی فەلسەفیی‌و سیاسیی‌و یاسایی گەورە کردەوە . ئەوکاتەی بیریارە ئیسلامییەکان سەرقاڵی گفتوگۆی ڕیفۆرمی دەوڵەتی تەقلیدیی بون ، ئەوروپییەکان هاتن‌و ئەم پرۆسەیەیان پچڕاند . بەزەبری هێزی سەربازیی‌و بەپێی بەرژەوەندییەکانیان میللەتانی ناوچەکەیان دابەشکردو دەوڵەتگەلێکی کۆلۆنییان لەسەر وێنای دەوڵەتی مۆدێرن بۆ هەندێک گەلانی ناوچەکە دروستکرد . لەو سەردەمەوە پرسی دەوڵەت‌و نەتەوە ، دواکەوتن‌و پێشکەوتن ، شەرعییەتی سیاسیی‌و مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات دەبن بەکێشەی موزمنی دەسەڵاتداریێتی لەناوچەکەدا .

گومانی تێدا نییە دەوڵەتی مۆدێرن هەڵگری سێ ڕەگەزی سەرەکییە کە لەسێکوچکەی " نەتەوە - دەوڵەت - دەستور" پێکدێت . ڕاستییەکی نەشاردراوەشە کە ئەم سێ ڕەگەزە لەگەڵ دیدگای ئیسلامگەراییدا

بەرامبەر بەچەمکی دەوڵەت تەبا نییە . ئەم زەبرەی دونیای مۆدێرنیش لەسەر جەستەی ئەتەنیو گروپە ئایینییەکانی ئەو سەردەمەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی ، وای لەزۆرینەی بیریارە ئیسلامییەکان کرد کە بیر لەوەڵامی نوێ بکەنەوە ، بۆئەوەی لەم کێشە تیۆرییەی ناو دونیای مۆدێرن رزگاریان بێت . گەڕانەوە بۆ چەمکی خەلدونیی بو بەکلیلی دەرگای ئەو کێشە تیۆرییەی دونیای عەرەب کە کۆلۆنیالیزم لەڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ئیپراتۆرییەتی عوسمانییەوە فڕێیدابوە ناو پرۆسەی مۆدێرنەوە . دیارە چەمکە خەلدونییەکەش وەڵامێکی کۆنی بۆ تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن دۆزییەوە ؛ واتە بەرامبەر بەسێکوچکەی فەلەسەفەی سیاسیی " دەوڵەت - نەتەوە – دەستور " سێکوچکەیەکی تریان داهێنا کە لەچەمکی " ئیسلام - دەوڵەتو دین " ـە بەرجەستە بوو .

## دەوڵەتی ئیسلامیی دژ بەدەوڵەتی نەتەوەیی

ئەوانەی بەپرسی فەلسەفەی سیاسیی دەوڵەتەوە سەرقاڵن ، ئەو ڕاستییە سانایە دەزانن کە کێشەیەکی قوڵی تیۆریی لەنێوان دەوڵەتی ئیسلامو دەوڵەتی نەتەوەییدا ئامادەیە . ئەم کێشەیەش دەکرێت لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە :

یەکەم - ئیسلام پێچەوانەی دەوڵەتی نەتەوەیی هیچ نیشتیمانێکی سیاسییو جوگرافیی نییە ، تاوەکو پێویستی بەدەستورێکی نەتەوەیی بێت بۆ گروپگەلێکی جیاوازی ئەتنیو ئایینی کە لەناو جوگرافیایەکی سیاسیو ئیداری دیاریکراودا دەژینو بەمانا مۆدێرنەکەی پێیان دەگوترێت نەتەوە .

دوهەم - سەرچاوەی دەستور لەئیسلامدا شەریعەیە کە هیچ مانایەکی نەتەوەیی لەخۆی ناگرێتو بۆ هەمو تاکێکی موسڵمان یەك ڕێسای کۆسمۆپۆلیتی هەیە . ئەمەش بەپێچەوانەی دەستوری دەوڵەتی ناسیۆناڵەکە تاکەکان تیایدا تاکی یاسایی ناو دەوڵەتێکی دیارکراون کە لەچەمکی هاونیشتیمانیبوندا بەرجەستە دەبێت .

سێهەم - چەمکی هاوڵاتیی یان هاونیشتیمانیی بەمانا مۆدێرنەکەی لەئیسلامدا غائیبە ، چونکی چەمکی نیشتیمان ئامادە نییە . نیشتیمان لەئیسلامدا گەر هەشبێت بەمانای ماڵی ئیسلام کاردەکات ، واتە ئەوەی لەخانەبەندی دیدی ئیسلام بۆ جیهان بە ( دار الاسلام ) ناودێردەکرێت . ماڵی ئیسلام ، یان کوردانەی بکەینو بڵێین " ساباتی ئیسلام " ئەو جوگرافیایەیە کە لەژێر چەترەکەیدا هەمو موسوڵمانێك جێگەی دەبێتەوەو ژیانی بەپێی ڕێساکانی شەریعەت ڕێکدەخرێت . ئەم چەمکەش دەقاودەق پێچەوانەی چەمکی نەتەوەیە بەمانا مۆدێرنەکەی ، چونکە سنوری سیاسییو یاسایی دەوڵەتی نەتەوەیی لەو نیشتیمانە پێکدێت کە هاوڵاتیانی ئەو جوگرافیایە تیایدادەژینو مافەکانیان لەچوارچێوەی دەستورێکدا پارێزراوە کە ئایین سەرچاوەی یاسادانان نییە . بەم شێوەیە ئایین سەرچاوەی ئینتیمای ئینسانەکان نییە بۆ ئەو نیشتیمانە نەتەوەییە ، بەڵام دەتوانێت ببێت بەیەکێک لەشوناسە کولتورییەکانی نەتەوە . هەر ئەم ڕاستییەشە وادەکات لەو پێدراوە سادەیە بگەین کە بۆچی بەرامبەر بەچەمکی نەتەوە لەئیسلامدا چەمکی " ئومە " کاردەکات . چەمکی ئومە یان کۆمەڵەی ئیسلام ، چەمکێکە لەسەر عەقیدەو هاوکاریی دەستەجەمعی ئایینییانە بەندە ،

نەك لەسەر هاوكاريي نيشتيمانيو پەيوەنداريێتي ( ئينتيما ) نەتەوەيي . فيقهي سياسيي ئيسلام تەنها بەوە ناوەستێت کە جیهان بۆ دانیشتوانی " دار الاسلام " دا کورتبکاتەوە ، بەڵکو هەموو ئەوانەی لەدەرەوەی سابات ئیسلامدان دەچنە خانەی " دار الحرب " ـەوە . واتە بەپێچەوانەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن ، کە هەموو دەوڵەتێک خاوەنی سەروەریی خۆیەتیو وەکو ئەندامێک لەخێزانی نێودەوڵەتاندا دان بەسنورەکانی دەهێنرێتو ڕێز لەسەروەریی نەتەوەییەکەی دەگیردرێت ، " دار الحرب " یان " دار الکفر " لەچەمکی ئیسلامیی جیهادیدا بەو شوێنانە دەگوترێت کە لەدەرەوەی دەسەڵاتداریێتی ئیسلامدان . ئەم دیدگایەش بڕوای وایە کە لەگەڵ ئەو جوگرافیا دەسەڵاتداریێتییانەی دەرەوەی هەیمەنەی ئیسلامدان ، پەیمانی ئاشتیی نابەسترێت ، بەڵکو تەنها ئاگربەست یان بەچەمکە ئیسلامییەکە " هودنە " هەیە . واتە تاوەکو ئەو شوێنانە نەبن بەبەشێک لەجەستەی ئیسلام ، کە دیارە لەڕێگای " فتوحات " ـەوە پیادەدەکرێت ، دونیای ئیسلام لەشەڕێکی تەجیلکراوە لەگەڵیاندا .

## دەوڵەتی عەقلانیو خەلدونیزم

لەکاتێکدا یەکێك لەدەستکەوتەکانی دەوڵەتی عەقلانی خۆرئاوایی بریتی بو لەجیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت ، دەبینین لەچەمکی فەلسەفی ئیسلامدا بەمانا ڕیفۆرمیستەکەی کە پشتی بەخەلدونیزم دەبەست ، ئیسلام بۆخۆی دینو دەوڵەتە . ئەم دیدەش دیارە لەگەڵ چەمکی مۆدێرنەدا یەکناگرێتەوە گەر نەڵێین ناکۆکی دوژمنانەیان هەیە ، چونکی لەدەوڵەتی عەقلانیدا دەوڵەت ئایینی نییە ، نەک بەو مانایەی کە دژ بەدینە، بەڵکو بەو مانایەی کە ئایین ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت نییەو هەموو ئاییندارێک بەبێ جیاوازیی دەتوانێت مومارەسەی سروتەکانی خۆی بکات . بەبێ ڕەچاوکردنی کەمینەبونو زۆرینەبونیان ، ڕێزی ئیمانو عەقیدەی هەموو گروپە دینییەکان دەگیردرێت . بەپێچەوانەی دەسەڵاتداریێتی لەئاییندا کە چەمکێکی پیرۆزەو ڕەخنەکردنی دەچێتە خانەی کوفرەوە ، دەوڵەتی عەقلانی مۆدێرن هەڵدەسێت بەداماڵینی هەموو پیرۆزییەك لەدەسەڵات . لەبری ئەمیرو سوڵتان کە نوێنەری خودان لەسەر زەوی ، شەرعییەتی سیاسی بەدەستور دەدرێتو لەڕێگای دەزگا مەدەنییەکانی دەوڵەتەوە دەسەڵاتەکان دابەشدەکرێنو سنورو توانایان دیاریدەکرێت . بەمچەشنە سیاسەتو سیاسەتمەدار لەدەوڵەتی مۆدێرنی عەقلانیدا شایستەی گۆڕانو ڕەخنەلێگرتنە ، بەڵام لەدەوڵەتی ئیسلامییدا ئەم خەسڵەتە ئامادە نییە ، چونکی وەکو بیریاری عەرەب علی اوملیل دەڵێت : هەموو ڕەخنەیەکی دەوڵەت بەپێویست دەبێت بەڕەخنە لەنوێنەرەکانی خودا لەسەر زەوی ، هەموو داواکارییەك بۆ گۆڕان ، دەبێت بەکوفر ، هەموو کوفرێکیش سزاکەی گەورەیە .

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین کە ڕیفۆرمیستە ئیسلامییەکان وەکو دەستەبژێرێکی کۆمەڵگایەکی دواکەوتو ، هەر زۆر زو هەستیان بەگرنگی عەقڵو خوێندنو زانست کرد بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەیان . هەر ئەم واقیعەش وایلێکردن کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیی لەنێوان پرسی " دادپەروەری " و کێشەی " دواکەوتن " دا دروستبکەن . لەسەر ئەم بناغەیەش بانگەوازی " شۆڕشێکی فیکری " یان کرد . ئەم

بانگەوازەش وەکو ئالبێرت حورانی دەڵێت : لەژێر دروشمێکدا تەبریری بۆدۆزرایەوە کە بریتیی بو لە : " ئەوەی پێغەمبەر لەرێگای وەحیەوە پێیگەشت ، فەلسەفەش دەتوانێت لەرێگای مەعریفەوە پێیبگات " . لەم چرکەساتە مێژوییەوە هەوڵی پێکەوەگرێدانی ئیسلامو فەلسەفە لەلایەن ریفۆرمیستە ئیسلامییەکانەوە دەستپێدەکات . بۆئەم مەبەستەش پشتیان بەفەیلەسوفانی بەناوبانگی دونیای فیکری ئیسلامی دەبەست ، لەوێنەی ئیبن روشدو ئیبن سینا .

بیریارانی ئەو سەردەمە لەوێنەی تەهتاویو ئەفغانیو موحەمەد عەبدو کە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی رۆشنگەرییدا بون ، کاریان بۆ بەعەقلانیکردنی ئیسلام دەکرد . ئەم شێوازەش لەکارکردن لەپرۆژەی رێنیسانسی ئیسلامیدا بەرجەستەبو . شوێنپەنجەی ئەم بیریارانە بەسەر تێروانینی رۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی عەرەبەوە هێندە دیاربو ، کە وای لەزۆربەیان کرد لەگەڵ جیابونەوەی عەرەب نەبن لەئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی ، بەڵکو پتر لەگەڵ ریفۆرمکردنی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بونو هەوڵیاندەدا دەسەڵاتدارێتییەکی ئیسلامیی لەسەر بناغەی " دادپەروەریو یەکسانی " لەگەڵ تورکەکاندا بنیاتبنێن .

## قەیرانی نوخبەی سیاسیی لەکوردستان

لەمرۆدا ململانێیەکی جەنگاوەرانە لەسەر پاشماوەی ئەم میراتە جارێکی تر گەڕاوەتەوە ناو جیهانی عەرەبییو ئیسلامییو لەوێشەوە پەریوەتەوە ناو دونیای کوردستانیش . پرۆژەی ناسیۆنالیستیو پان ناسیۆنالیستی عەرەبیی شکستی گەوەری هێناو رێنیسانسێکی نوێی فیکری جیهادیی پڕ ئیشکالی ئیسلامیی لەسەردەمی پۆست کۆلۆنیالیدا دەبینین . لەپاڵ ئەمەشدا سەردەمی داوەشانێکی هەمەلایەنەی سیستەمی دەوڵەت لەناوچەکەدا سەرییهەڵداوە ، سەردەمێک کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەمانا قوتریبەکەی دەمێکە لەقەیرانێکی قوڵدایەو ئەمرۆش ئیسلامی جیهادیی وەکو کلیلی ئەو قوفڵە مێژوییەی ناو دونیای مودێرنەی پاش کۆلۆنیالیزم ، خۆی بەرجەستەدەکات .

کوردستانیش بوە بەبەشێک لەم ململانێ ئاڵۆزو هەمەلایەنە . گەرچی کوردستان بەبێ خواستی خۆی بوە بەبەشێک لەم ململانێیە ، بەڵام بزوتنەوەی نەتەوەیی لەکوردستاندا گەر خواستێکی پەنهانیشی هەبایە ، ئەوا گەیشتن بو بەم قۆناغەی کە باس لەدەوڵەتو دەستوری کوردستان بکات . قەیرانی دەوڵەت - دەستور - نەتەوە پرسی سەرەکییو هەنوکەیی ناو کۆمەڵگای کوردستانە . ئەوەی لەم پانۆرامە سیاسییەدا بەشێوەیەکی پارادۆکس دێتەبەرچاو بریتییە لەوەی کە هێزە سیاسیە نادینییەکانی کوردستان لەبری ئەوەی دەستور لەپرسی ئاییندا بێلایەنبکەن ، وەکو پرۆژەی مۆدێرنە بەرهەمبهێناوە ، هاتون خۆیان کردوە بەبکەرێکی بێلایەن . ئەوان پرسی ئایینیان فڕێداوەتە ناو کۆمەڵگای مەدەنییەوەو خۆشیان کردوە بەتەماشاکەرێکو سەیری ئەو ململانێ فیکرییو کۆمەڵایەتییە توندە دەکەن کە لەسەر کەلاوەی ئەم پرسەدا تەقیوەتەوە . لەکاتێکدا شەرێکی دەستەویەخەی بەناو فیکریی لەنێوان هەردو تەوژمی دینییو سیکولاری دەستپێیکردوە ، کەچی ئەمان وەکو راوچییەکی بێدەنگی دەنگی هاولاتیان ، تەماشای پێشهاتەکان دەکەن .

بەرامبەر بەمەش لەسەر پرسی دەسەڵاتدارێتیو سەرۆکایەتیدا شەڕێکی دەستەویەخەی سیاسیو یاسایی لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا سەریهەڵداوە ، وەکو ئەوەی دووا ویستگەی مێژو تەنها لەم پرسەدا خۆی قەتیسکردبێت . هەردو شەڕەکە یەک میکانیزم ئاراستەیدەکات ، ئەویش میکانیزمی پرسی سیستەمی دەسەڵاتدارێتییە لەوڵاتی ئێمەدا . لەپاڵ ئەمانەشدا کوردستان بەقوڵترین قەیرانی داراییو ئابورییو ئینسانییدا تێدەپەڕێت کە هەندێکیان پێویستیان بەچارەسەریی خێراو ئەوانی تریشیان بەدەستکاریکردنی بونیادیی هەیە . لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەشدا :

جەنگی داعش

رێککەوتنی ئێران - ئەمریکا

هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان تورکیاو پەکەکەش کۆی دۆخەکەی لەکوردستاندا ئاڵۆزتر کردوە . هەر لەئەگەری تەرەفبەندیی نوێی سیاسیی - سەربازییەوە تادەگاتە ئەگەری پێکدادانی چەکدارانەو شەڕی ناوخۆ لەسەر لیستی To-doدایە . سەرۆکی هەرێمو سەرۆک وەزیرانەکەی برازایشی جگە لەفرۆشتنی نەوتو خەمی دەسەڵاتو مانەوەی خێزانەکەیان لەحوکمڕانییو کۆنترۆڵی سامانی نەتەوەیی ، ئەولەویاتی سیاسیی تریان نییە . گەر دۆخی خانەبەندی سیاسییش بەم شێوەیە بمێنێتەوە کە ئێستا هەیە ، پارتی دو رێگای لەبەردەمدایە . یان ئەوەتا لەسەر پرسی سەرۆکایەتی سازشدەکات ، یان ئەوەتا تاکڕەوانە بەشێوەیەکی فۆرماڵ حوکمڕانی کوردستان دەکات . بەم شێوەش نەخشەی سیاسیی دەسەڵاتدارێتیی ئەمارەتییانە بەرهەمدەهێننەوەو شوێنگەی سیاسیی کوردستان هێندە لاوازدەکەن کە بەرگەی ئەم هەمو جەنگە ناوەکییو دەرەکییو گرێکوێرە سیاسییو قەیرانە ئابورییانە ناگرێت .

کۆمەڵگای کوردستان لەدوڕیانی دابەشبونێکی تری سیاسییو فیکرییو ئیدارییدایە . ئەوەی ئێستا ڕوودەدات ، قەیرانی نێوان ئیسلامی سیاسییو عەلمانییەت نییە ، وەکو لەڕوکەشدا دەردەکەوێت ، چونکە لەپشت ئەم قەیرانەوە قەیرانێکی قوڵی تر کاردەکات کە قەیرانی نوخبەی سیاسییە لەکۆمەڵگای کوردستاندا . ئەم نوخبەیە هیچ تێڕوانینێکی بۆ فەلسەفەی حوکمڕانیی نییە . ئەوەی هەیەو نییە بریتییە لەسەرئێشەی موزمنی بابەتی مانەوەی سەرۆک یان لابردنی ، سازان یان دابڕان . ئیمزای رێککەوتنە ستراتیژیو تاکتیکییەکان ، ریفۆرمی سیستەمی سیاسییو پەیمانو مژدەی سەرۆکەکان بچوکترین مسداقییەتیان نەماوەو متمانەی کۆمەڵگایان لەدەستداوە . بۆنمونە پێش چەند ساڵێک بارزانی بەڕەسمی گوتی " لەلابردنی من ئاسانتر نییە "، لەدووا بەیاننامەشیدا کە پەیامێکە بۆ هێزە سیاسییەکان بەکورتیو کوردی دەڵێت : گەر نەسازین لەسەر مانەوەم بەسەرۆکی هەرێم ، پێکەوەژیانی سیاسییمان ئاسان نابێت . ئەمە سیاسەت نییە ، ئەمە گەمەی منداڵانە . لەنێو ئەم گەمەیەشدا ئیسلام وەکو چەکێکی کۆن لەشەڕێکی نوێیی ناو هاوکێشە سیاسییەکاندا بەکاردەهێنرێت .

## جەستەی سیاسییو کۆمەڵایەتی وەکو گۆڕەپانێک بۆ ململانێ

سەرەتا با تەماشایەکی ناو جەستەی کۆمەڵگا بکەین و بزانین ئەم ململانێیە چۆن بەڕێوەدەچێت ؟
هێزە سیاسییەکان لەرێگای رۆڵی چاودێرو هیچنەکردەیی و بێدەنگییانەوە شەڕەکەیان فرێداوەتە ناو شەقامەوە . شەڕەجنێو بێڕێزیی و هەڕەشەکردن لەنێوان هەردوبەرەی بەناو ئیسلامیی و عەلمانییدا جێگای بەگفتوگۆی عەقلانی چۆڵکردوە . دیارە ئەم پرسە شایانی شەڕێکی عەقلانییەو نەشیاوە بکرێت بەجێگای تەراتێنی گروپگەلێکی دینیی یان عەلمانی کە ئەم کایەیە بوە بەکەرەسەیەک بۆ دروستکردنی سەرمایەیەکی سیاسیی و رەمزیی بۆیان . سەرەتا دەمەوێت ئەو ڕاستییە لانی کەم تیۆرییە بڵێم کە نە ئەم هێزو کەسە دینییانە نوێنەری ئایینن ، نە ئەم کەس و هێزە عەلمانییانە تاکە نوێنەری پرۆژەی مۆدێرنەن . وێناکردنی دونیای مۆدێرن لەلایەن گروپێک لەعەلمانییەکانەوە وەکو ئەوەی ئایین لەشۆستەی شەقامی سیاسەت و کۆمەڵگادا بێت ، نەک هەر راست نییە ، بەڵکو تەعبیر لەزۆرینەی زۆری کۆمەڵگا دیموکراتییە ئەوروپییەکانیش ناکات . ئەم وێناکردنە مەترسیدارە بۆ ئایین هێندەی لەکۆمۆنیزمەوە نزیکە ئەوەندە لەعەلمانییەتی دیموکراسییەوە نزیک نییە . ئێمە لەزۆرینەی دەوڵەتە عەلمانییەکانی دونیادا هێزی سیاسیی دیموکراسیمان هەیە کە تا سەر ئێسقان کۆنزەرڤاتیڤن و هەڵگری بەهای ئایینین . پارتی دیموکراتی مەسیحی ئەڵمانی نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم پەیوەندییەی نێوان عەلمانییەت و ئایینە . واتە سیستەمی عەلمانییەتی دیموکراسی مانای کوشتنی بەها ئایینەکان نییە لەکۆمەڵگادا ، بەڵکو نیوتراڵکردن یان بێلایەنکردنی جەستەی دەوڵەتە لەئایین بەگشتیی و مەزهەبێکی دیاریکراو بەتایبەتیی .
بەرامبەر بەوەش هێزە ئایینییە سەلەفیی و مەلا دیگیتاڵەکانی ناو میدیای مۆدێرنمان هەیە . ئەم هێزانە وێنای عەلمانییەت بەبەدئەخلاقییەکی گەورەی کولتوری خۆرئاوا دەکەن و بەدارمانێکی بێوێنەی شەرەف و کەرامەتی موسڵمانان دایدەنێن ، وەکو ئەوەی جگە لەکۆمەڵگای موسڵمانان هیچ کۆمەڵگاو ئایینێکی تر نەبێت کە خاوەنی بەهای ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆی بێت . ئەم تێڕوانینە تەنها پەیوەندیی بەجەهلەوە نییە ، بەڵکو پەیوەندییەکی قوڵی هەیە بەگاڵتەجارییەوە بەعەقڵی ئینسانی ئێمە . پەیوەندی بەدروستکردنەوەی دوالیزمی " دار الاسلام " و " دار الحرب " ـەوە هەیە کە هەر گەنجێک زمانێک بزانێت و تەماشای ئینتەرنێت بکات ، دەزانێت ئەمە چ سەفسەتەیەکی بێمانەیە. دیارە باڵاترین نمونەی ئیسلامییە سەلەفییەکان بۆ ئەم دارمانە بریتییە لەجەستەی ژن و پرسی شەرەف . سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە کورتککردنەوەی ئایین خۆی بۆ جەستەی ژن و شەرەف هێمایە بۆ تێنەگەیشتنێکی قوڵ بۆ ئایین و رۆڵە رۆحییەکەی لەکۆمەڵگادا . راستییەکی نەشاردراوەیە کە نەک تەنها ئیسلام ، بەڵکو هەمو ئایینەکان پەیوەندییەکی گرفتئامێزیان لەگەڵ پرسی ژناندا هەیە . ئەمەش بەوە چارەسەر ناکرێت کە ئایین وەکو کولتورێک بسڕینەوە ، بەڵکو نەهێڵین ببێت بەپێوەر بۆ ژنبون یان پیاوبون . پرسی جێندەر ، کوڵەکەیەکی ئۆرگانیی بەدیموکراسیکردنی دونیای ئێمەیە ، بۆیە ململانی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان تەنها شەڕکردن نییە لەبەرەی ئاییندا ، بەڵکو شەڕکردنە لەگەڵ کۆی سیستەمی پیاوسالاریی کە ئایین یەکێکە لەکۆڵەکانی .
لەمڕۆدا تەنها فێمینیستی چەپ بونی نییە ، بەڵکو فێمنیستی ئایینیشمان هەیە ، چ لەمەسیحییەت و چ

لەئیسلام . ئەوە گرفتی کۆمەڵگای ئێمەیە کە تاوەکو ئێستا هێزی وای بەرهەمنەهێناوە ، بۆئەوەی شوێنگەی پیاو لەئاییندا لەقبکات .

رەهەندێکی تری وێناکردنی عەلمانییەت بەستالینو سەدامو ئەسەدو پیشاندانی وەکو مەترسییەک بۆ ئایین ، چەواشەکردنێکی بەئەنقەستو بیۆینەی دیدگای ئینسانی ئێمەیە بۆ بەها گەورەکانی عەلمانییەتی دیموکراسیی کە یەکێک لەکۆڵەکەکانی بریتییە لەرێزگرتن لەئایینو پاراستنی مافی ئیمانداران بۆ مومارەسەکردنی سروتە دینییەکانیان بەبێ جیاوازیی . هەروەکو گوتم لەخۆرئاوا هێزی سیاسیی دیموکراتمان هەیە کە پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکانو سروتە ئایینییەکان بۆیان یەکێکە لەپرنسیپە سیاسییەکانیان . بۆیە بەستنەوەی عەلمانییەت بەبێدینیو دژەدینییەوە دو هۆکاری سەرەکیی هەیە ، یان ئەوەتا لەبێئاگاییەکی گەورەو نەزانینێکی قوڵەوە سەرچاوەی گرتوە ، یان ئەوەتا پروپاگەندەیەکی بەئەنقەستو چەواشەکارانەی ئایدیۆلۆژیی هەندێک مەلاو هێزی دینییە لەرێگای میدیاو مزگەوتو هێزە سیاسییەکانیانەوە . گەر رۆژێک لەرۆژان هێزە دینییەکانی ئێمە گەیشتنە ئەو ئاستو تێگەیشتنەی کە لەژێر چەتری دەستورێکی دیموکراسیی بێلایەندا لەروی دینیو ئایدیۆلۆژییەوە ، بەرگریی لەبەها کۆمەڵایەتیو ئایینییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بکەن ، ئەوا هەنگاوێکی گەورەیان ناوە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێی لەنێوان ئایینو دونیای دیموکراسییەتو مۆدێرنە .

ئەوەی لەم بەینەدا جێگای سەرنجە ئەو کولتوری جنێوەیە کە لەگفتوگۆی پرسی عەلمانییەتدا بەرهەمهاتووە . ئەم کولتوری یەکترشکاندنو یەکتر بەشەیتانیکردنەش پەیوەندییەکی قوڵی بەئەخلاقی سیاسییەوە هەیە . ئەم کولتورە ، داهێنانێکی نوێی ئەو هێزە سەلەفیو ئیخوانییە کە دەیەوێت فەزای گشتی کوردستان بەهەڕەشەو جنێو کوشتنی مەعنەوی کەسەکان لەرێگای تەکفیریانەوە داگیربکات . ئەمەش پێدەچێت پرۆبەی پێشوەختی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە هێزە سیاسییەکانمان لەدەستورە پارادۆکسەکەیاندا پێشنیاریان کردوەو دەیانەوێت لەنێوان سەوابیتی ئایینی ئیسلامو مافەکانی مرۆڤدا هاوسەنگیو تەباییەک بدۆزێتەوە . پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەوان تاوەکو ئەمرۆ نەیانتوانیوە بچوکترین تەبایی سیاسیی لەنێوان خۆیاندا بەرهەمبهێنن ، چۆن دەتوانن لەنێوان سەوابیتەکانی ئایینی ئیسلام لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا تەبایی بدۆزنەوە . سەوابیتگەلێک کە هەر مەلایەکو هێزێکی ئایینی ، هەر قوتابخانەیەکی فیقهیو وڵاتو نەتەوەیەک ، بەئارەزوی خۆیو بەپێی بەرژەوەندی گروپییانەی خۆی ، تەفسیری ئەو سەوابیتانە دەکاتو ژمارەکانی دیاریدەکات . بۆیە من پێم وایە ئەوەی کە لەئایینی ئیسلامدا نەبێت ، خودی سەوابیتەکانە بەسەوابیتیی .

کایەکەی تریش کە هێزە سیاسییەکان لەپاڵ جەستەی کۆمەڵگادا شەڕەکانی خۆیان تیادا بەتاڵدەکەنەوە ، جەستەی سیاسییە . لەجەستەی سیاسیشدا ململانێکە فرێدراوەتە ناو پەرلەمانەوە . پەرلەمانێک کە سەرۆکەکەی ناچارە بۆئەوەی هەیبەتی دەزگاکەی لەهەڕەشەی پارتی بپارێزێت ، کۆنسوڵی بیانییەکان بانگهێشتبکات . لیژنە دەستورییەکەشی جگە لەگەمەی پۆکەرێکی سیاسیی نێوان ئەندامانی حیزبەکان ، هیچ کەسێک یان دەزگایەکی کوردستانی یان بیانیی بێلایەنی پسپۆڕی ئەو بوارەی تێدا نییە . ئەمەش دەمانبات بۆ پێشهاتی موفاجەئات لەهاوکێشە سیاسییەکاندا . چەندە کەس چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە " یەکگرتوی

ئیسلامی " ببێت بەهێلکەی زێڕین لەنێوان پارتی لەلایەکو گۆڕانو یەکێتی لەلایەکی تر ، ئەوەندەش دەبێت چاوەڕێی ئەوەبین کە دەستوری کوردستان ببێت بەجێگای سەفەقاتی بەرژەوەندیی حیزبیی لەنێوان هێزە سیاسییەکان کە لەدوتوێدا ئیسلامی سیاسیی بەبێ شەڕکردن جەنگەکە بباتەوە . هەروەکو چۆن دەستوری پێشنیارکراو لەقۆناغی سەرەتادا سەوابتی ئیسلامیی تێدا نەبو ، بەڵام بارزانیی بەکەیفی خۆی ئەو مادەیەی بۆ زیادکرد ، چونکە پێویستی بەدەنگی هێزە ئیسلامییەکان هەبو ، ئاوهاش لەداهاتودا دەبێت چاوەڕوانی پێشهاتی تر بکەین کە بەپلەی یەکەم کۆمەڵگای مەدەنیی‌و ژنانی کوردستان‌و نەوەکانی داهاتو باجەکەی دەدەن . ململانێی نوخبەی سیاسیی لەکوردستاندا ڕو لەپارچەبونی زیاتر دەکات‌و بەم چەشنەش جەستەی سیاسیی‌و کۆمەڵگا توشی داوەشانی زیاترو گەورەتر دەبێت . بۆیە من وایدەبینم کە پەیوەندییەکی قوڵ لەنێوان فەلسەفەی سیاسیی‌و هەیکەلی دەسەڵاتدارێتیدا هەیە کە لەدیدی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا غائیبە . بۆتێگەیشتن لەم تێڕوانینەش دەبێت کەمەکێک بگەڕێینەوە بۆ مێژو .

کاتێك باس لەکۆتاییهاتنی سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ڕەهاگەریی (Absolutismus) لەئەوروپا دەکرێت ، وەکو نۆربێرت ئێلیاس دەڵێت : مانای ئەوەیە کە دەسەڵات لەدەستی تاکەکەس دەسەنرێتەوە چیدی پاشا یان خێزانێك نابێت بەخودی "Subjekt" سەروەرێتی دەوڵەتیی ، بەڵکو گەل یان هاوڵاتیانی ئەو هەرێمە دەبن بەو خودە مێژوییە . هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی دیموکراسی بەدەسەڵاتی گەل یان سەروەرێتی گەل ناودێرەکرێت . پرۆسەی بەعەقلانیکردنی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی مانای ئەوەیە کە چیدی پاشا یان میر بەئارەزوی خۆی دەستنیشانی چەشنی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان نەکات ، بەڵکو چەشنێك لەڕێککەوتنی ئەبستراکت جێگەیان دەگرێتەوە کە لەدەستوردا بەرجەستەدەبێت‌و دەسەڵاتی سەرۆکیش دیاریدەکات‌و دەیخاتە ژێر چاودێرییەوە . ئەم مۆدێلە لەدەسەڵاتدارێتیی مۆدێرن جیاوازیی لەنێوان تاکەکان‌و گروپەکان‌و هەرێمەکانی ناو دەسەڵاتدارێتییەکەی ناکات ، واتە هەمو تاکێکی ئەو وڵاتە لەهەر جوگرافیایەکی ئەو دەسەڵاتدارێتییەدا بژی ، بەهاوماف‌و هاوبەش‌و هاوچارەنوس دەبینێت . لێرەوە چەمکی هاونیشتیمانیبون جێگا بەچەمکی ڕەعیەت چۆڵدەکات‌و چەمکی دەستور جێگای خێزان‌و بنەماڵە نەبیلەکان دەگرێتەوەو گیرفانی دەوڵەت‌و گیرفانی فەرمانڕەوا لەیەکتر جیادەکرێتەوە ، واتە لەئاستی ئابوریشدا سیستەمی زەریبەدێتە کایەوەو هەمو کەسێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێنگەی کۆمەڵایەتیی‌و ئاستی ژیانی ، دەبەسترێتەوە بەو سیستەمە .

بەم چەشنە یەکێك لەخەسڵەتە هەرە گرنگەکانی سیستەمی دیموکراسیی بریتییە لەداهێنانی سیستەمی ئیدارەیەکی عەقلانیی‌و بێلایەن . هەرئەمەش وایکردوە کاتێک هێزێکی سیاسیی هەڵبژاردن بباتەوە ، ناتوانێت بەئارەزوی خۆی دەستکاری پرنسیپەکانی دەستور بکات ، بەڵکو لەژێر چەتری ئەو دەستورەدا دەیەوێت پرۆگرامە سیاسیی‌و ڕیفۆرمەکانی بۆ چاکترکردنی کۆمەڵگاو خۆشگوزەرانیی تاکو گروپەکان پیادەبکات . پرۆسەی بەعقلانیکردنی ئیدارەو بەعقلانیکردنی ماف دو کایەی گرنگی داهێنانی سیستەمی عەقلانییەتی مۆدێرنەن . ئەمەش مانای ئاسودەیی‌و ئاسایشێك بۆ هەمو تاکەکان دەگەیەنێت کە جیاکاری

لەنێوان مافەکانیان ناکرێت . بۆ ئەم مەبەستەش لەفەلسەفەی سیاسیدا باس لە " ئاسایشی ماف " دەکرێت . واتە فۆرمێک لەدڵنیابون یان ئاسایشێك بونی هەیە کە مافی کەسەکان تیایدا لەڕوی یاساییەوە پارێزراوە . ئەم " ئاسایشی مافە " مانای ئەوەیە کە هاونیشتمانییەکان ترسی ئەوەیان نییە تاکەکەسێك ، لەوەزیفەی سەرۆکایەتییەوە ، یان بەڕێوەبەرایەتییەوە بەئارەزوی خۆی بتوانێت مافەکانیان زەوتبکاتو جیاکاری لەنێوان تاکەکانو گروپەکان بەرهەمبهێنێتو بەپێی دورو نزیکییان لەخۆیەوە ، پلەو پایەیان بەسەردا دابەشبکاتو دەوڵەمەندیان بکات . لەهەموی گرنگتر سەرۆکی هەڵبژێرداو ناتوانێت بۆ هەمیشە وەک رابەرو سەرۆکی وڵات بمێنێتەوە .
ئەو سیستەمە سیاسییەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا شەڕی گەورەی ناوەتەوە ، هەمان ئەو سیستەمەیە کە دەتوانێت بۆ مانەوەی خۆی موغامەرەی گەورە بەدەستورو پرسی مافی مرۆڤەوە بکات ، کاتێک بزانێت کە هێزە دینییەکان پشتیوانیی لەئەبەدیکردنی دەسەڵاتی ئەمیر دەکەن . هەر ئەم واقیعەشە وایکردوە کە کۆی ئەم پرسو کێشانە لەکوردستاندا جگە لەململانێیەکی توند لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتو سامان ، هیچ رەهەندێکی نیشتیمانیی تری نییە . داشی ئیسلام یەکێکە لەداشە هارەکان ، پەتاتەیەکی گەرمەو کەس نایەوێت بیخاتە ناو لەپی دەستییەوە . هەر ئەمەش وایکردوە لەو نهێنییە بگەین کە بۆچی هیچ هێزێک لەمرۆدا نەوێرێت دەستی بۆ بباتو پێشنیاری دەستورێکی مەدەنیی دیموکراسیی بێلایەن لەڕوی دینییەوە بکات . ئەو هێزانەی کە خەمی دیموکراسییانەو رەخنەی دەسەڵاتی سوڵتانی دەکەن ، دەبێت ئەوەندەش جورئەتی سیاسیی ئەوەیان هەبێت کە کایەی ئایین لەجەستەی دەستوری وڵاتیشدا بێلایەن بکەن ، چونکی دەستورێکی دیموکراسیی بێلایەن بەتەنها مانای جیاکردنەوەی جەستەی سوڵتان نییە لەجەستەی دەوڵەت ، بەڵکو بێلایەنکردنی دەوڵەتیشە لەرەهەندی دینیو ئایدیۆلۆژیی . چەندە سوڵتانیزمی سیاسیی ئەگەری دیکتاتۆرییەتی لەهەناوی خۆیدا مەڵاسداوە ، هێندەش بونی ئایین بەکەرەسەی تەشریع سوڵتانیزمێکی ئایینی لەهەناو خۆیدا هەڵدەگرێت . کۆمەڵگای ئێمەش وەکو هەمو کۆمەڵگاکانی دونیای مۆدێرن ، کۆمەڵگایەکی فرەئایینیو فرەئەتنیو بەرژەوەندییە . ئەرکێکی ئەخلاقییو سیاسییە کە پارێزگاریی لەم پلورالیزمەی کۆمەڵگای خۆمان بکەینو یەک هێزو یەک دینو یەک ئەتنی سەروەریی دەسەڵاتدارێتی داهاتوی کوردستان ئیملانەکات . بۆیە نەک ئینتیمای دینییو ئایدیۆلۆژیو خێزانی ، بەڵکو چەمکی هاوڵاتیبونو رێزگرتن لەپلورالیزم تاکە گەرانتێکی فەلسەفەی پێکەوەژیانی کۆمەڵگای سیاسییە لەکوردستانی سبەیدا .

تێبینی : هەندێک لەتێزەکانی ئەم وتارە گەڕانەوەیە بۆ لێکۆڵینەوەیەکم بەناوی : بەعسیزم ، پرۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواونەبو . کە لەگۆڤاری سەردەمی ڕەخنەدا بڵاوبوەتەوە .

سەرچاوەکان :

Norbert Elias: Über den Prozeß der Zivilisation. Bd. I-II. Frankfurt/M. 1982

Peter Pawelka: Herrschaft und Entwicklung im Nahen Osten: Ägypten. .Heidelberg 1985, S. 24f

Hisham Djat: Das arabisch-muslimische Denken und die Aufklärung. In: - Heller/Mosbahi 1998, S. 94-109

على اومليل : الاصلاحيه العربيەو الدولهالوكنيه . دار التنوير للكباعەو النشر . بيروت، ١٩٨٥

جورج كرابيشى : الدولهالقكريه والنثريه القوميه : دار الكليعه ـ بيروت ، ١٩٨٢

عبداللهالعروى: مفهوم الدوله : دار التنوير للكباعه والنشر. الكبعه اليالپه، بيروت ، ١٩٨٤

www.wtarikurd.info/